www.kurdistannet.org
17-10-2006 13:40 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# میری خۆی پارەی خەڵکی دەخوات.. ! م. حەمید عەزیز



بەڕاستی سەیرە من باوەڕناکەم ئەمە لەشوێنی دیکەی دنیا هەبێ و رووی دابێ لە مێژووی مرۆڤایەتی و جیهاندا زۆر کەمە کاری لەم چەشنە. من بیستوومەو بینیوومە کە هەر میری خۆی خەڵک ئەبات بەڕێووە و بەخێوی دەکات بەڵام وولاتە داماوەکەی ئێمە هەموو شتەکانی بەپێچەوانەوەیە. لای ئێمە شوان لەباتی ئاگای لە مەڕەکانی بێت خۆی مەڕەکان دەکا بەقاورمەو دەیخوا، بەخوا جوانە.. !. یاساو ڕێزو هێمنی و ڕاست گۆیی دەبێ لەدەووڵەتەوە دەرچێ ئینجا خەڵکی فێری بێ و بەکاری بهێنێ لە ژیانی ڕۆژانەدا. ئەگەر ئەو دەووڵەتە کارمەندەکانی لەسەر بنەمای کاری شیاو بۆ خەڵکی شیاو بێت و هەموو ئەکادیمی و پسپۆڕ بن لەبوواری زانستی و کاری خۆیاندا ئەوە وایەو تەواوە، بەڵام لای ئێمە ئەو جۆرە هاوکێشەیە کوجا مەرحەبا. لەم ڕۆژانەدا شتێکی زۆر سەیروسەمەرە ڕوویدا کەلەهیچ کەسێک و حکومەتێک ڕوونادات ئەگەر تۆزێ لەکاری یاسایی بەئاگابێت و تۆزێکیش ویژدانی هەبێت. نامەوێ سەری خوێنەر بیەشێنم و درێژەی بدەمێ هەر ئێستا دێمە سەر بابەتەکە:

کەناڵی ئاسمانی (الحریە) کەپەخشەکەی لەبەغدایە، ئەم کەناڵە کەناڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و ستاڤێکیان هەیە لەدهۆک کە کۆمەڵێ کچان و کوڕان دەگرێتە خۆی و ئەوانیش لەبەر بژێوی ژیان و خراپی باری ئابووریان وەک و گەنج دێنە ناو ئەم ستاڤەوە بۆ کارو خزمەت کردنی ڕاگەیاندن، هەڵبەتە ڕاگەیاندنیش بۆ بەرەو پێش چوونی ئاستی ڕۆشنبیری هاووڵاتی و بەرەو شارستانییەت و پێشکەوتنەو ئەم کارەش زۆر پیرۆزەو جێی ڕێزە. بەرپرسی ستاڤی ئەم کەناڵەش ناوی بەڕێز: لوتفی ئەحمەد دۆسکی یە کە بۆ ڕۆژنامەی هاووڵاتی (بوویٚرترین و ئازاترین ڕۆژنامە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) دوواوەو ووتویەتی: ئێمە کە ستاڤی کەناڵی (الحریە) ین بەشی دهۆک لەلایەن کاک دلێر عەلی کەبەرپرسی نوسینگەی هەولێرە بانگ کراین بۆ لای خۆی بەمەبەستی گۆڕینی ئامێرە کۆنەکان بۆ ئامێری نوێ، بەڵام کەگەیشتینە ئەوێ بۆ لای بەڕێزی ئامێرەکانی لێوەرگرتین و ئامێری نوێی نەداینێ لەباتی ئەوە پەڕەیەکی فەرمی (کتاب رسمی) پێداین و ووتی: ئێوە فەسڵ کراون لە کەناڵەکە وەک و ستاڤ خوا حافیزتان بێت. کاک لوتفی دۆسکی و هاوڕێکانی بەدڵێکی شکاو گەڕاونەتەوە بۆ دهۆک بۆ ماڵی خۆیان بەڵام دۆسکی ئەڵێ: ئێمە چەند جارێکە ئیمەیل و نامە ئەنێرین بۆ کەناڵی (الحریە) بۆ بەغداد وەڵاممان نادەنەوە چونکە پارەی مانگانەی ستاڤەکە (راتب) سێ مانگە نەهاتووە. وواتای ئەوەیە سێ مانگ بەبێ پارە ئیشیان کردووە، تۆ سەیری ئەو زووڵمە، دووایش دەریان کردوون لەو ئیشە... !!. توخووا بەڕیشی کێ ڕەاویە. ؟ ئەی چۆن یاسا بەرقەرارە وەک و خۆیان دەڵێن. ؟. لەکوێی ئەم دنیایە ئەم جۆرە یاسایە هەیە کەکۆمەڵێ گەنج سێ مانگ بێ پارەبن.. ؟ مەگەر تەنها لای حکومەتەکەی حەماس ئەم سیستمی معاشە هەبێت چونکە حەماسیش شەش مانگە پارەی مانگانەی نەداوە بە فەرمانبەرو مامۆستاکانی. بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش کاک مەسعود بارزانی دەڵێ: نابێ تەنها ڕەخنە بگرن، ئەگەر ڕۆژنامەوانێ یان نوسەرێ یان ڕۆشنبیرێ بابەتێکی نووسی و ڕەخنەی لەدەسەڵات گرت دەبێ چارەسەرەکەیشی بنووسێ، ئەو قسەیە زۆر تەواووە ئەوە بەڵگەی دڵسۆزی و چارەسەری یە لەو نووسەرەوە، بەڵام بۆ ئەم بابەتەی کەمن نووسیومە، وەک و چارەسەری بابەتەکە من چی بنووسم.. ؟. بنووسم توخوا دەسەڵات گیان پارەی خەڵکی هەژار مەخۆ.. !! ئەگەر یەکێ هێرش بکاتە سەر یەکێ

یان کاری خراپە بکات بەرامبەر یەکێ، ئەوە مرۆڤ دەتووانێ ڕێگای دادگاو دەووڵەت بگرێتە بەر بۆ ئەوەی یاسا بیپارێزێ و مافی بۆ وەرگرێتەوە، لەهەموو جیهاندا وایە و بەو جۆرەیە ئەگینا ئیشی دەووڵەت چی یە. ؟. ئەی ئەگەر دەسەڵات خۆی غەدر بکات و کاری نایاسایی بکات خەڵکی ڕووبکاتە کوێ. ؟.